

راڤیالا نیهاد یاریزانی باڵە:

# وەرزش باشترین رێگەیە بۆ ئەوەی ئافرەتان تواناکانی خۆیان دەربخەن

دیمانە: کارزان کانەبی

**یانەی ئەکاد هەموو ساڵێك لە وەرزی هاویندا ژمارەیەکی زۆر لە یاریزانان کۆدەکاتەوە بۆ ئەوەی لە قوتابخانەی خۆی یاریزانان پێبگەیەنێت بۆ تیپەکە لە تیپە جۆراوجۆرەکانی یانەکە و پێشەنگ بووە لە دروستکردنی چەندین یاریزانی بەتوانا لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان بۆ تیپەکانی یانەکەی، تیپی لاوان و تازە پێگەیشتووانی باڵەی یانەی ئەکاد هەمیشە بەوە بەناوبانگ بووە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان کە ژمارەیەك یاریزانی بەتوانای بەرهەم هێناوە، یەکێك لەم کچە یاریزانانەی کە پاشەڕۆژێکی پرشنگدار چاوەڕوانیەتی، کچە یاریزان راڤیالا نیهاد لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠١ی شارۆچکەی عەنکاوەیە، ئەو قوتابییە و لە هەمان کاتیشدا یاریی تۆپی باڵە دەکات، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**



*** چۆن بوو لە ناو ئەم هەموو یارییە وەرزشییە ئەم یارییەت هەڵبژارد؟**

-ئەوەی راستی بێت یاریی باڵە یەکێکە لەو یارییانەی کە خەونی من بووە، ئێستاش خۆشبەختانە لە نێوان ئەم هەموو یارییە توانیم توانا و ئاستی خۆمی لێ ببینمەوە.

***چۆن بوو هاتییە ریزی یانەی ئەکاد؟**

- عەنکاوە شاری خۆمە و شوێنی لە دایك بوونمە، یانەی ئەکادیش یەکێك بووە لەو یانانەی کە بەردەوام یاریزانی بەهرەمەند پێدەگەیەنێ، ئێستاش بە خۆشحاڵییەوە منیش یاریزانی ئەو یانەیەم.

***ئاستی یاریی باڵە بە شێوەیەکی گشتی لە شارەکانی کوردستاندا چۆن دەبینی؟**

- ئاستی ئەم یارییە زۆر باشە لە رووی گرنگیدان بە یارییەکە، بەڵام پێویستە زیاتر گرنگی بە کردنەوەی خول بدرێت بۆ یاریزانانی ئاستەکانی بچووك، بەتایبەتی لە لاوان و تازەپێگەیشتووان بۆ ئەوەی زیاتر پێش بکەون، چونکە بە ئەنجامدان و کردنەوەی خولی بەردەوام ئەم یارییە زۆر پێش دەکەوێ.

*** چی بکرێت باشترە بۆئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان زیاتر پێشبکەوێت؟**

- دەبێت زیاتر گرنگی بدرێت بە یاریزانەکانی تەمەنە بچووکەکان و بەردەوام قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان بکرێتەوە، هۆڵی زیاتر بۆ ئافرەتان بکرێتەوە بۆ ئەوەی زیاتر پەرە بەتوانای خۆیان بدەن، چونکە ئێستا زۆربەی یانەکان هۆڵی تایبەتیان نییە بۆ ئەوەی پەرە بە ئاستی خۆیان بدەن.

***کێشەو گرفتان چییە لە یانەی ئەکاد؟**

-لێرەوە سوپاسی دەستەی کارگێڕیی یانەکە و دەستەی راهێنەران دەکەم کە بەردەوام هاوکارمانن لە پێگەیاندنی یاریزانان، ئەوان هۆکار بوون کە رێگەیان نەداوە یاریزانەکان کێشەیان هەبێت.

***بۆچی ئافرەتان لە کوردستان کەمتر روو لە وەرزش دەکەن؟**

- زۆر جار ئافرەت حەز دەکات وەرزش بکات، بەڵام رەنگە رێگریی لێ بکرێت لە رووی وەرزشەوە، هەروەها زۆرجار کۆمەڵگە ئافرەتی وەرزشکار بە چاوێکی کەم سەیر دەکات، بەڵام ئێمە بەردەوام پشتیوانی و هاوکاری دەکرێین لەلایەن خانەوادەکەمان، بۆیە لێرەوە سوپاسیان دەکەین.

***پەیامت چییە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە وەرزش ناکەن؟**

_ئەگەر دەیانەوێ لەشساغ وئاسوودە بن، با وەرزش بکەن. وەرزش باشترین رێگەیە بۆئافرەتان بۆ ئەوەی بتوانن تواناکانی خۆیان دەربخەن.

***هیواو ئاواتت وەکو کچە یاریزانێك؟**

- بەهیوای ئەوەم لەگەڵ یانەی ئەکاد بتوانم لە پاڵەوانێتییەکان بەشداری بکەم و ناوی خۆم و یانەکەم بەرز بکەمەوە لە رێگای یاری باڵەوە.

***هیچ کات رێگریت لێ نەکراوە لەلایەن خانەوادەکەت لە وەرزشکردن؟**

- زۆریش هاوکاریم دەکەن ئاست بەرزیم بۆ پاڵپشتی ئەوان دەگەڕێتەوە کە بەردەوام هاوکارمن، ئەوان زیاتر خزمەتمان دەکەن بۆ ئەوەی بتوانین بگەینە ئاستێکی بەرز.

***دەستەی کارگێڕیی یانەکە هاوکاری بەردەوامتان دەکەن؟**

-بێگومان هیچ کات کەمتەرخەمییان نەکردووە، هەمیشە پاڵپشتی ئێمە بوون لە وەرزشکردنمان.

*** خوێندن نەبۆتە هۆکاری رێگە گرتن لە وەرزشکردنت؟**

- تاکو ئێستا رێگەم نەداوە ببێتە کۆسپ، چونکە بەرنامەیەکی باشم داناوە بۆ ئەوەی لە یەك کاتدا بەسەر هەردووکیان سەربکەوم.

***لە کۆتاییدا ئەگەر شتێکت مابێت دەتوانی باسی بکەیت؟**

_ سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم کە بەردەوامم هاوکاریی یاریزانان دەکەن، بەبێ جیاوازیی ئەوان هۆکار بوون بۆ ئەوەی ئەو یاریزانانەی نەناسراون، بناسرێن.



# ڤان گال:
# مانچستەر یونایتد گاریس بێلی دەوێت

بەڕێوەبەری هونەریی یانەی مانچستەر یونایتد لویس ڤانگالی هۆڵەندی دووپاتیکردەوە یانەکەی ئارەزوو دەکات گرێبەست لەگەڵ گاریس بیل واژۆ بکات. لویس بۆ رۆژنامەی دەیلی ستاری بەریتانی دانی بەوەداناوە گفتوگۆی لەگەڵ سەرۆکی جێبەجێکاری یانەکەی کردووە لەپێناو ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ ئەستێرەی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لەماوەی گواستنەوەی زستانە. هەروەها رۆژنامەکە لە راپۆرتەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە ڤان گال دووپاتیکردۆتەوە کە تیپەکەی پێویستی بە تواناکانی بیل هەیە، بەتایبەت لە ئێستادا کە یانەکە بۆتە رکابەرێکی بەهێزی پریمەرلیگ. شایەنی وتنە گاریس بیل لە ساڵی ٢٠١٣ لە یانەی تۆتنهامەوە رووی کردە یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی .



# یانە دەوڵەمەندەکەی پاریس بیر

گۆڤاری فرانس فوتبۆلی فەرەنسی وێنەیەکی بڵاوکردۆتەوە تیایدا دەردەکەوێت کریستیانۆ رۆناڵدۆی پورتوگالی و لویس سوارێزی ئورگوایی و بول بوجبای فەرەنسی و لیۆنیل میسی بەجلی یانەی پایتەخت، پاریس سان جێرمان و لە تەنیشتیەوەش پرسیاری کردووە کێ شوێنگرەوەی یاریزان ئیبراهیمۆڤیچ دەبێت؟ گۆڤاری ناوبراو بە ئەرکی زانیوە کە کارگێڕانی یانەی پاریس سان جێرمان بیر لە جێگرەوەی یاریزانی سویدی زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ بکەنەوە، نەوەك بۆ شوێنی یاریکردنی لەنێو یاریگە، بەڵکو بۆ ئەو ئاست و توانایەی ناوبراو هەیەتی، چونکە لە ئێستادا ئیبراهیمۆڤیچ تەمەنی گەیشتۆتە ٣٥ ساڵ و لە ساڵی ٢٠١٦ کۆتایی بە گرێبەستەکەی لەگەڵ ئەو یانەیە دێت. لەلای خۆیەوە



# بۆچوونی تێری هینری دەربارەی باشترین یاریزانی جیهان

ئەستێرەی فەرەنسی و یاریزانی پێشووی یانەی بەرشلۆنە و ئارسناڵ تێری هنری لێدوانی ئاگرینی لەدژی ئەستێرەی ئەرژەنتینی و یانەی بەرشلۆنە لیونیل میسی لەمەر تۆپی زێڕین دا.

ڕۆژنامەی ئێسی ئیسپانی لە زاری مامزی ڕەش ئەسمەر بڵاویکردۆتەوە کە تیایدا هاتووە/ جێگەی سەرسوڕمانە ئەستێرەکانی هەڵبژاردەی ئسپانیا دوورن لە بەدەست هێنانی تۆپی زێڕین لە کاتێکدا ساڵانێکە لاروخا لە بەرزترین ئاستیەتی، کەچی میسی بۆ چوار ساڵ لە سەر یەك بووە خاوەن تۆپی زێڕین. هەروەها تێری هنری دەڵێت: جێی تێڕامانە کە نابینین هیچ یاریزانێکی ئیسپانی تۆپی زێڕین بەدەست بهێنێت، لەکاتێك ئەو یاریزانانە مێژوویان دروست کرد و توانییان جامی جیهانی و جامی نەتەوەکانی ئەوروپا بەدەستبهێنن و لە تیپە گەورەکانی وەك ریال مەدرید و بەرشلۆنە یاری دەکەن و لەگەڵ یانەکانیشیان ئەنجامیان زۆر باش بووە، بۆیە نامەوێ لەوە زیاتر روونکردنەوە بدەم.

تێری هینری ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە ئەو کارە لەئێستادا لەگەڵ تۆماس مۆلەر دووبارە دەبێتەوە، چونکە باش دەزانیت ڕۆناڵدۆ و میسی کاری سەرنجڕاکێش پێشکەش دەکەن، بەڵام گۆڵپارێز مانوێل نۆیەر پێویست دەکات لە لیستێکی بچووك دابنرێت، نەوەك مۆلەر کە توانی جامی جیهانی بەدەست بهێنێت و بگاتە نیوەی کۆتایی خولی پاڵەوانەکانی ئەوروپا و شایەنی ئەوە بوو ناوی لەو لیستەدا هەبێت .



## لە کریستیانۆ و میسی دەکاتەوە

گۆڤاری فرانس فوتبۆل ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ لیۆنیل میسی ئەستێرەی بەرشلۆنە بە سەخت و دژوار ناوبردووە، بەڵام لەهەمانکاتدا نووسیویەتی: میسی لەم دواییانەدا و بۆیەکەمجار باسی ئەگەری ڕۆیشتنی کردووە، هەرچەندە مووچەی ناوبراو لەوەرزێکـدا ٢٠ ملیۆن یۆرۆیە و گرێبەستەکەشـی لەگەڵ بەرشـلۆنە تا ٢٠١٨ یە.سەبارەت بە کریسـتیانۆ ڕۆناڵدۆش گۆڤارەکە دەڵێت: نابێ بەخەونیش پاریس سان جێرمان بیر لە ڕۆناڵدۆ بکاتەوە، چونکە یانەی ریال مەدرید لە سـەخترین کاتەکانی خۆی پارێزگاری لە کریسـتیانۆ کرد و ئەستەمە ئێسـتا لە بەرزترین ئاسـتی هونەرییدا دەستبەرداری بێت، ئەمەو ناوی چەندین ئەستێرەی دی هاتووە لەوانە: نەیمار و سوارێز و هازارد و پول بۆجبا .